# لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕێم دەکرد وچارۆکەیەکی نەجرانی لێوار ئەستووری لەبەردا بوو، ئەعرابیەک پێی گەیشت وبە جلەکەی توند ڕایکێشا

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕێم دەکرد وچارۆکەیەکی* نەجرانی لێوار ئەستووری لەبەردا بوو، ئەعرابیەک پێی گەیشت وبە جلەکەی توند ڕایکێشا، سەیری ملی پێغەمبەرم کرد -صلى الله عليه وسلم- و (بینیم) لێواری جلەکە شوێنەواری لەسەر جێهێشتبوو بەهۆی توندی ڕاکێشانەوە، وپاشان (ئەعرابیەکە) ووتی: ئەی موحەمەد، فەرمان بکە هەندێک سامانم پێببەخشرێت لەو سامانەی خودا کە لە لای تۆیە. ئەویش -صلى الله عليه وسلم- سەیری کرد وپێکەنی، وپاشان (فەرمانی پێکرد بۆئەوەی هەندێکی پێببەخشرێت». *(چارۆکە: وەکو بشت وعابا وایە
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرموودەیەدا ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕێم دەکرد وچارۆکەیەکی* نەجرانی): واتا جلێکی خەت خەتی پۆشی بوو کە لە نەجران دروستکرا بوو ئەمیش شارێکە لە یەمەن. (لێوار ئەستووری لەبەردا بوو) واتا لێوارەکانی دەست وملی جلەکە ئەستوور بوو. (ئەعرابیەک پێی گەیشت وبە جلەکەی توند ڕایکێشا): واتا جلەکەی پێغەمبەری توند ڕاکێشا -صلى الله عليه وسلم-. ئەنەس دەڵێت: (سەیری ملی پێغەمبەرم کرد -صلى الله عليه وسلم- و -بینیم- لێواری جلەکە شوێنەواری لەسەر جێهێشتبوو بەهۆی توندی ڕاکێشانەوە، وپاشان -ئەعرابیەکە- ووتی: ئەی موحەمەد): وا دیارە ئەم ئەعرابیە لەو کەسانە بووە کە تازە موسوڵمان بووە بۆیە ئەم کردەوەی کرد، وپاشان بەناوی خۆیەوە بانگی کرد بەشێوەیەکی کە توندی پێوە دیاربوو. (فەرمان بکە هەندێک سامانم پێببەخشرێت): واتا فەرمان بکە بە ئەوانەی لە لای تۆ بەرپرسیارن کە پارەم پێببەخشن. (لەو سامانەی خودا کە لە لای تۆیە): دەربڕینەکەی ئاماژەی ئەوە دەدات کە ئەم سامانە هی تۆ نییە، هەروەکو لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (لا من مالك ولا من مال أبيك) واتە: (نە سامانی تۆیە نە هی باوکتە)، ووتراوە: سامانی زەکات بوو کە خەرجدەکرا بۆ هەندێک لەوانەی تازە موسوڵمان بوون بۆئەوەی دڵیان دابمەزرێت لەسەر ئیسلام. (ئەویش -صلى الله عليه وسلم- سەیری کرد): بە سەرسوڕمانەوە. (وپێکەنی): وەکو دەربڕینی نەرم ونیانی بەرامبەری چونکە لەوەیە پێی وابێت ئەگەر وا توند نەبێت هیچی پێنابەخشرێت. (وپاشان فەرمانی پێکرد بۆئەوەی (هەندێکی پێببەخشرێت). *(چارۆکە: وەکو بشت وعابا وایە

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4940

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee